# له نیشتمانی پارێزەران تەنیا ماف پارێزراو نیه

پارێزەر رفعت هەڵەبجەیی/ سوید

چاولێگەری یەکێکە لەو کەلتورو عورفانەی کە لە کۆمەڵگای جیهانی و هەموو نەتەوەکانی دونیادا شتێکی باوە.

کەچی بڕوا ناکەم لە هەموو سەرزەویدا میللەتێک هەبێت وەکو گەلی کورد دوای چاولێگەری کەوتبێت. ئەگەر بەم پێ یە بڕوات لە دەساڵی داهاتوودا کوردستان دەبێت بەیەکەم وولات لە جیهاندا کە زۆرترین ژمارەی پارێزەری تێدا بێت بەهۆی چاولێگەریەوە.

زۆر جێگەی بەختەوەریە کە میللەتێک ڕادەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی لەسەرەوە بێت بەتایبەتی ڕۆشنبیری یاسایی و زانستی. بەڵام بەچ شێوازێک و بەچ پلانێک. لە کۆمەڵگەیەکی ئەنارشیزمی(الفوضوی) وەکو کۆمەڵگەی کوردی شیرازەی هەموو شتەکان لەبنەڕەتدا تێک چووە. نەخشەکێشان و پلان دانان (التخطیط) کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا پایەکی بنەڕەتیە(الرکیزه الاساسیه) لە هەلسەنگاندن و برەو پێدانی هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا لەوانە بواری زانست گەشەپێداندا لە کوردستاندا هەر بوونی نیە. لە کوردستانی سەرمایەداری دا هیچ شتێک لە بەرامبەر پارەدا یاساغ نیە و بەڵکو ئەوەی کە یاساغ وخەتی سوورە نابێ ببەزێنسرێت ئەوەیە ڕەخنە لە حیزب و دەسەڵات بگیرێت لە هەموو وولاتانی دونیا شتێکی ئاسایی یە کە کۆلێژی ئەهلی هەبێت بەڵام لەگەڵ مەرجی سنوورداردا (الشروط المحدوده) کە بریتیە لە ژمارەی زانکۆکان و ژمارەی قەتابیانی وەرگیراو دەرچوان لە سالێکدا لەگەڵ کۆی نمرەو هەندێ مەرجی تر وەکو ژمارەی پێویست لەپارێزەرو دادوەر لە وولاتدا. کەچی ئەمرۆ لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کوردیدا لەسێ پارێزگای دهۆک و هەولێرو سلیمانی (6) کۆلێژی یاساو ڕامیاریمان هەیە سیانی بەیانیان و سیانی ئەهلی ئێواران لە هەر کۆلێژێک ساڵانە نزیکەی (150) قوتابی دەردەچێت و دەبێتە پارێزەر کەواتە ساڵانە نزیکەی هەزار کەس دەردەچن و دەبنە پارێزەر لە هەمووشی خۆشترو گاڵتەجاڕی تر ئەوەیە لە80% وەرگیراوان و دەرچوان لەبەرپرسانن لەوانەی کەوا لە خۆشگوزرانی و دەوڵەمەندی و بێ کاریدا نازانن چی بکەن دەچن بڕوانامەیەکی پارێزەری کۆلێژی ئێوارانیش بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن. یان هەندێک لە دەرچوان بڕوا نامەی کۆلێژوو پەیمانگاکانیان هەیە و دەیانەوێت لە پاڵ ئەوەشدا بڕوانامەی یاسایش وەربگرن من وەکو پارێزرێک هیوادارم هەموو کۆمەڵگای کوردی بەیاساو سیاسەت و ڕۆشنبیری ئاشنا بێت هەر هیچ نەبێت کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیرو بە ئاگامان دەبێت. چونکە پارێزەر ئەرکی ئەوەیە داکۆکی لەمافەکانی خەڵکی ستەم لێکراو بکات. نەوەک خۆی زوڵم ستەم لە خەڵکی بکات و مافی جەماوەر زەوت بکات.

کە بەداخەوە ئەوانەی ئەمرۆ لەناو حیزب دەسەڵاتدان و مافی میللەتی خۆیانیان زەوت دەکەن و بەسەر ئێسک و پرووسکی هەژارانەوە بازرگانی دەکەن و سەرمایەدار دەبن زۆربەیان پارێزەرن. وولاتێکی وەکو سوید کە ژمارەی دانیشتوانی دووجار بەقەد کوردستانەو وولاتێکی شارستانی و پێش کەوتووە لە هەموو بوارەکانی ژیانداو پارێزەری بێ ئیش تێدا نیە ساڵانە نیوەی ئەو ژمارەیەی کوردستان پارێزەری تێدا دەرناچێت. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەک بۆتە چاولێگەری ئەگەر بێت و دەسەڵاتی کوردی سنورێکی بۆ دانەنێت ڕادەی ڕۆشنبیری و بواری زانستی یاسایی دەبێتە جێگەی گاڵتەجاڕی لە کۆمەڵگەی کوردیدا...